# ڕوداوی هاتووچۆ

# یان جەنگی سەر ڕێگا؟!

## مەترسیدارترین هۆکاری تێرۆری سپی..

مامۆستا

جیهاد قادر علی

---

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

**بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله، وبعد..**

وەختێك تەماشای نیعمەت و بەخششەكانی خوای گەورە دەكەین، تەنانەت ناتوانین بیانژمێرین: {وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَةَ اللَّهِ لَا تُحْصُوهَا}، **النحل**:١٨. ئیتر چۆن دەتوانین پاداشتیان بدەینەوە؟!

خوای گەورە ڕێزی لە مرۆڤ و ئادەمیزاد ناوە و، دەفەرمووێت: {وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا (٧٠)}، **الإسراء**. ئەوەتا عەقڵ و هۆشی پێداوە و پێغەمبەرانی تێدا ڕەوان كردوون و پەڕاو و كتێبەكانی بۆ ناردوون.

یەكێكی تریش لەو نیعمەتانەی خوای گەورە لەمرۆڤدا بونی هۆكارەكانی گواستنەوە و ئاسانبونی هاتووچۆی خەڵكیە كە بەهۆیەوە دەتواندرێت سەدەها خێر و چاكە ئەنجام بدرێت و، ببێتە سەرچاوەی پەیدابونی خێر و خۆشی لە دونیا و قیامەت، بەڵام ئەو نیعمەتە پێویستی بەوە هەیە سوپاسگوزاربین هەم بەدەممان و بڵێین: خوایە زۆر شوكر بۆ تۆ، هەمیش بە دڵمان بەهی خوای گەورەی بزانین و بەهی كەسی تری نەزانین، هەروەها بە ئەندامەكانی لاشەش ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە لە خراپە بەكارنەهێنێن، جا لە هەر یەكێكیان كەمتەرخەمیمان كرد ئەوا بە سوپاسگوزار حساب ناكرێین، پەنا بەخوای گەورە، خوای گەورەش دەفەرمووێت: {وَإِذْ تَأَذَّنَ رَبُّكُمْ لَئِن شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ ۖ وَلَئِن كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ (٧)}، **إبراهيم**.

**موسڵمانانی خۆشەویست**، پێشەوا : (أبو سَعيد)ی الْخُدْري - ڕەزامەندی خوای لێ بێت -، لە پێغەمبەری خۆشەویستەوە - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - دەگێڕێتەوە كە دەفەرمووێت : ((إِيَّاكُم وَالْجُلُوسَ فِي الطُّرُقاتِ، فقَالُوا: يَا رسَولَ اللَّه، مَا لَنَا مِنْ مَجالِسنَا بُدٌّ، نَتحدَّثُ فِيهَا، فَقَالَ رسولُ اللَّه ﷺ :فَإِذَا

أَبَيْتُمْ إِلَّا الْمَجْلِس فَأَعْطُوا الطَّرِيق حَقَّهُ. قالوا: ومَا حَقُّ الطَّرِيقِ يَا رسولَ اللَّه؟ قَالَ: غَضُّ الْبَصَر، وكَفُّ الأَذَى، ورَدُّ السَّلامِ، وَالأَمْرُ بالْمَعْروفِ، والنَّهيُ عنِ الْمُنْكَرِ)). متفقٌ عَلَيه.

واتا: ئاگاداربن له دانیشتنی سەر ڕێگاکان، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا هیچ چارمان نیە و هەر دەبێت دابنیشین و چارەمان نیە بۆ ئەو مەجلیسانە[١]، قسەی تێدا دەکەین، جا پێغەمبەری خواش - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - دەفەرمووێت: کە هەر دەبێت دابنیشن، ئەوا هەق و مافی ڕێگا بدەن، گوتیان: مەگەر هەق و مافی ڕێگا چیە ئەی پێغەمبەری خوا - صەڵات و سەلامی خوای لەسەربێت -؟ ئەویش فەرمووی: داخستنی چاو و نەزەرنەکردن، ئازارنەدان و دەست هەڵگرتن لە ئەزیەتدان[٢]، وەڵامدانەوەی سەلام - زانایان دەڵێن: وەڵامدانەوەی سەلام واجبە -، فەرمان بە چاکە و، قەدەخەی خراپە[٣].

ئەوە بە نیسبەت کەسێك کە دانیشتوە لەسەر ڕێگا، ئەی ئەو کەسەی کە سەیارە و هۆکارەکانی تری گواستنەوەی پێ یە؟! لەکاتێکدا خوای گەورە وەسفی باوەڕداران و بەندەکانی خۆی دەکات، بەوەی کە بەزەویدا بە نەرمی و لەسەرەخۆیی

---

[1] مرۆڤ بە سروشتی خۆی کۆمەڵایەتیە و حەزی بە تێکەڵاویە لەگەڵ خەڵکی، هەروەها ئەو هاوەڵە بەڕێزانەش - ڕەزای خوای گەورەیان لێ بێت - وەکو بڵێی: وا تێگەیشتن کە پێغەمبەری خوا - صلى الله عليه وسلم - پێداگیرنەبووە لە قەدەخەکردنی دانیشتنەکەیان، بۆیە ئەوانیش وایان فەرمووە.

[2] ئەم بەشە فراوانترە لە بابەتی نەزەر نەکردن، کە هەموو جۆرەکانی ئازاردان دەگرێتەوە، جا بە غەیبەتکردن بێت، یان بوهتان بۆکردن، یاخود گاڵتە بە خەڵکردن، یان ئازاردانی منداڵان، هەموو ئەوانەش لەنێو سەیارەدا بێت یاخود بە پیادە بێت هەمووی دەگرێتەوە.

[3] عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يَقُولُ: ((مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ)). رَوَاهُ مُسْلِمٌ. واتا: هەر کەس لە ئێوە خراپەیەکی دیت، با بە دەستی بیگۆڕێت، جا کە نەیتوانی ئەوا با بە زمانی بیگۆڕێت، خۆ کە ئاواش نەیتوانی، ئەوا با بەدڵ پێی ناخۆش بێت، هەڵبەت ئەوەشیان لاوازترینی ئیمانداریە.

ڕێ دەکەن، وەختێکیش خەڵکێکی نەزان و نەفام بیاندوێنن لە سەلامەتی و بێ وەیی زیاتر هیچیان بۆیان نابێت، {وَعِبَادُ الرَّحْمَٰنِ الَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى الْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلَامًا(٦٣)}، **الفرقان.**

نەك کابرا هەرسواری سەیارەکەی بێت و لە (هەشتا) و (سەد) پێی هەستێت و تەناش و تەپوتۆز بۆ خەڵکی بکات و پۆزی پێ لێبدا و نەزەر و تاوانی پێ ئەنجامبدات و، لەسەر ڕێگای کچان و خوێندنگەکانیان ڕاوەستێت و، لەسەر فول لایت و هۆڕنێك کابرا بکوژێت و شەڕی دو بنەماڵە و بەرەباب دروست بکات!

**موسڵمانان**، خوای گەورە غەدر و ستەم و ناهەق قبوڵ نیە و سزای خاوەنەکەشی دەدا، هەروەکو تاوان و خراپەکاری و فەسادیشی پێخۆش نیە، وەکو دەفەرموێت: {وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ الْفَسَادَ (٢٠٥)}، **البقرة.**

**سەیارە لێخوڕێن**، هونەر و ڕەوشت و حەزە و، دەبێت ڕۆشنبیری سەیارە لێخوڕێن بۆخۆمان زیاتربکەین و، هەر کەسە و پەلەی خۆی نەبێت و بە درەنگ بەڕێ بکەوێت و بشیەوێت بەزویی بگات و ئیدی بیکاتە پەلە پەل لە ڕێگا.

**برای شۆفێر**، نەرم و نیانی لەهەر شتێکدابێت ئیللا خوا جوانی دەکات، لەهەر شتێکیش دەرهێندرا، ئەوا ناشیرین دەبێت، لە دایکمان (عائشة)ەوە - ڕەزای خوای لێ بێت - هاتووە کە پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - دەفەرموێت: ((إِنَّ الرِّفقَ لا يَكُونُ في شيءٍ إلَّا زَانَهُ، وَلا يُنْزَعُ مِنْ شَيءٍ إلَّا شَانَهُ))، **مسلم.** یانیش لە دایکمان (عائشة)ەوە - ڕەزای خوای لێ بێت - هاتووە کە پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - دەفەرموێت: ((إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفقَ، وَيُعْطِي على الرِّفقِ ما لا يُعطي عَلى العُنفِ، وَما لا يُعْطِي عَلى مَا سِوَاهُ))، **رواه مسلم.**

یاخود له (جابر)ی کوڕی (عبد الله)ەوە - ڕەزای خوای لێ بێت - هاتوە کە پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - فەرموویەتی: ((مَنْ يُحْرَمِ الرِّفْقَ يُحْرِمِ الخيْرَ كُلَّهُ))، مسلم.

**برای شۆفێر**، تۆ دەزانی کە بەڕێژەیەکی زۆر کەمیش خەتات هەبێت لە مردنی هیچ کەسێك، ئەوا لە دونیا و قیامەتیش مەسئولیەتت دەکەوێتە سەرشان، لە دونیا دەبێت خوێنی ئەو کەسە بدەی، جا هەر چەند کەس بن خوێنی هەموویانت دەکەوێتە سەر، هەروەها بۆ هەر نەفەرێکیش گەورەبێت، یان بچووك، مادام تۆ هۆکار بووی لە مردنەکەی، ئەوا دەبێت بۆ هەر یەکێکیان دوو مانگی ڕەبەق بەڕۆژو بی و هیچ کەلێن و بەینیشی نەدەی، مەگەر عوزری نەخۆشی بێتە ڕێ دەنا بە کەمتەرخەمی بێت دەبێت سەرلەبەر دوبارەی بکەیتەوە[1].

---

[1] **قال ابن عثيمين - رحمه الله -**: إذا حصل الحادث فإما أن يكون **بتفريط** من قائد السيارة أو **بتعد** منه، **والتفريط** ترك ما يجب مثل أن يدع الإنسان تفقد السيارة في حال يحتمل أن يكون فيها خلل، فيدع تفقدها ثم يحصل الحادث من جراء هذا التفريط فيكون في ذلك ضامنا، لأنه ترك ما يجب عليه، أو **بتعد** منه، والتعدي فعل ما لا يجوز مثل أن يسير في خط معاكس للسير أو يقطع الإشارة أو يسرع سرعة تمنع في مثل هذا المكان وما أشبه هذا، المهم أن القاعدة هو أنه إذا كان الإنسان الذي حصل منه الحادث متعديا بفعل ما لا يجوز أو مفرطا بترك ما يجب فإنه يجب عليه لهذا الحادث شيئان إذا تلفت منه نفس الشيء:

**الأول: الكفارة**: وهي حق لله تعالى، وهي عتق رقبة مؤمنة، فإن لم يجد فصيام شهرين متتابعين لا يفطر بينهما يوما واحدا إلا بعذر حسي أو شرعي.

**والأمر الثاني**: مما يجب عليه الدية، لكن الدية تتحملها عنه عاقلته، وهذه حق لأولياء المقتول وهم ورثته إن عفوا عنها سقطت، **أما الكفارة**: فإنها حق لله ولابد منها حتى لو عفا أولياء المقتول عن الدية مثال الشيء الذي يكون بغير تعد منه ولا تفريط مثل أن ينكسر الذراع أو أن يضرب الكفر مع تفقده له قبل أن يمشي أو يأتي إنسان يكون هو الذي قابل السيارة على وجه لا يتمكن القائد من إيقاف السيارة، يعني لو جاءك أو رمى نفسه بالشارع والسيارة قد أقبلت والقائد لا يتمكن من إيقاف السيارة، فإن هذا الذي رمى بنفسه هو الذي أهلك نفسه، فليس على هذا السائق شيء، فبهذا يتبين أنه إذا كان الحادث نتيجة لتصرف مأمور به من قبل القائد يرى أنه أحسن من عدمه، فإنه ليس عليه هنا ضمان لا بكفارة ولا بدية، لأن الله

## ترسناکی خەوهاتن لەکاتی لێخوڕینی سەیارە هاوشێوەی ترسناکی خواردنەوەی مەشڕوبە..

پسپۆڕی پزیشکی خەوتنی ئەڵمانی(مارك ڕاشکە) هۆشداری دەدات لەوەی کە ماندوبون و شەکەتی لە ئەنجامی کەم خەوی لەکاتی لێخوڕێنی سەیارە ترسناکیەکەی هاوشێوەی ترسناکی خواردنەوەی مەشروباتە؛ لەبەرئەوەی ڕۆیشتن بۆ ماوەی (حەڤدە) سەعات بەبێ خەو لەسەر مرۆڤ وەکو بونی (٠.٥ برومیللي)یە، لە (کحول). لەنێو (خوێن)دا. لەکاتێکدا نەخەوتنی ڕۆژێکی تەواو یەکسانە بە یەك(برومیللي) لە (کحول)، لەنێو (خوێن)دا.

هەروەها (سفین رادیماخر) لە ئەنجومەنی ئەڵمانی بۆ سەلامەتی ڕێگا لە شاری(بون) ڕونیکردۆتەوە بونی (٠.٥ برومیللي) لە (کحول) لەنێو (خوێن)دا توانای بینین کەمدەکاتەوە بە ئەندازەی لەسەدا (پانـ١٥ـزە)، بەشێوەیەك مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی خێرایی لێخورین بەشێوەیەکی دروست لەدەستدەدا، هەروەکو بونی یەك (برومیللي) لە کحول)، لەنێو (خوێن)دا دەبێتە هۆی جۆرێکك لەسەرخۆشی و بیهۆشی.

هەروەکو (ڕاشکە) کە ئەندامی دەستەی ئەڵمانییە بۆ توێژینەوەی پزیشکی خەوتن لە شاری (شفالمشتات) ئاماژەی بەوەشداوە کە ڕوداوەکانی هاتووچۆ لەکاتی لێخورێن بە شەو بە تێکڕای (پێنج) بۆ (شەش) جار زیاتر دەبنەوە؛ ئەوەش

---

يقول: ما على المحسنين من سبيل . ولأنه تصرف تصرفا مأمورا به ومأذونا له به شرعا، وقد قال أهل العلم من قواعدهم المقررة ما ترتب على المأذون فليس بمضمون .اهـ باختصار.

**وفي فتاوى اللجنة الدائمة:** إذا كان الواقع ما ذكرت من أنه ليس عليك نسبة من الخطأ في الحادث وأن الخطأ على المتوفى بنسبة مائة في المائة، كما جاء في تقرير المرور، فليس عليك شيء، لا كفارة ولا دية، وفيها: أما الحادث الذي حصل له وقدر أن عليه نسبة ٢٠% من الحادث فإنه يجب عليه كفارة قتل الخطأ عن الشخصين اللذين توفيا معه، لثبوت تسببه في الحادث بنسبة منه. اهـ.

لەبەرئەوەیە  مێشك لەو ماوەیەدا ئامادەیە بۆ نوستن، هەروەكو كابرا دوچاری كەم ئاگایی دەبێتەوە لەو ماوەیەدا!

هەروەها ئەو دكتۆرە ئاماژەشی داوە بەوە كە كەم خەوی لەلای شۆفێر بەشدار و هۆكارە  لە بەرزبونەوەی ڕوداوی ترسناكی هاتووچۆ؛ چونكە ئەو ترسناكیە بەرزتردەبێتەوە بە تێكڕایی (١.٨) جار، وەختێك شۆفێرەكە تەنها بۆ ماوەی (شەش) سەعات یانیش بۆ (حەوت) سەعات بخەوێت لەبری ئەو وەختەی كە ئامۆژگاری كراوە تێیدا بخەوێت كە ئەویش نابێت لە (هەشت) كاتژمێر كەمتربێت، هەڵبەت ئەو  خەتورەتە زیاتریش دەبێتەوە وەختێك شۆفێر هەر بۆ  (پێنج) سەعات بخەوێت، تا ئاستی (٤٠٨) جار!

بۆیە (ڕاشكە) ئامۆژگاری ئەو كەسە دەكات كە هەستدەكات ماندووە بۆ ئەوەی لە نزیكترین خاڵی پشودان سەیارەكەی ڕابگرێت و  پەرداخێك قاوە بخواتەوە، دوای ئەوەش بۆ ماوەی (پانزە) دەقیقە لەنێو سەیارەكەی پاڵ بكەوێت، ئەوەش لەبەرئەوەی كاریگەریەكانی كافینی نێو قاوەكە دەرناكەوێت، ئیللا دوای (سی) خولەك نەبێت، هەڵبەت جەختی لەوەشكردۆتەوە كە لاشە بەو چاو داخستن و خەوە سوكە پشوو دەدات و ئیسراحەت دەكات.

دیارە هۆشداریشی داوە لەوەی بەس قاوەكە بخورێتەوە، بەبێ ئیسراحەتكردن؛ چونكە ئەوە هیچ سود و كەڵكی نابێت، دیارە یاسای دیار و ئاشكراش ئەوەیە كە نوستن بریتیە لە تەنها ڕێگا  چارە بۆ زاڵبون بەسەر  ماندویەتی و شەكەتی[1].

## زۆر بەداخەوە ڕوداوەكانی هاتووچۆ ئاسان مرۆڤەكان لەنێو دەبەن

(1)https://www.aljazeera.net/news/healthmedicine (٢٠٢٠/١٢/١٧م). وەرگێڕان..

ماددەی سەرخۆشکەر و خواردنەوەیان وا لە خاوەنەکەی دەکات کە ئاگاداری پێش خۆی نەبێت و خێرا بڕوات و لایەکانیشی پێ نەکات، بەڕاستی ئارەق و مەشرۆبات هەڕەشەیەکی گەورەیە لەسەر مرۆڤایەتی، قوربانیەکانیش بەهۆی ئەو مادده هۆشبەرانە بە تێرۆری سپی ناو دەبرێت. کە دەبێتە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی و هەروەها تاوانی کوشتن و بەرەو حەپسخانە چوون.

دەبینن بەشێك لەوانە دانبۆکس و چەقۆ و شت بەکاردەهێنن و، دەشکێننەوە سەر سەیارەی تر؛ چونکە هیچ هۆشێکی لای خۆی نیە.

بەڕاستی شکاندنەوە سەر ئافرەت و موزایەقەکردن و تەنگ پێهەڵچنینیان و خێرا ڕۆیشتن و تیژڕەوی و ڕۆیشتن بە ئاڕاستەی پێچەوانە و پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر و سیباق و ڕانەوەستان لە ترافیك بۆ چەند چرکەیەك! دەبێتە هۆکاری ڕوداوی دڵتەزێن و ناخ هەژێن! هەڵەی گەورەش تەنها پانزە چرکە بۆ سی چرکەی دەوێت!

بەگشتی سەرپێچی یاسا مروییەکان و بێ موبالاتیکردن لە لێخوڕینی سەیارە و سەیارە بە منداڵ دان و وەستانی هەڵە و سەر ئەنجامی باش نابێت، خوای گەورە دەفەرمووێت: {وَلاَ تُؤْتُواْ السُّفَهَاء أَمْوَالَكُمُ}، النساء: ٥.

ئەوەتا ڕۆژانە (سێ) بۆ (چوار) کەس بە ڕوداوی هاتووچۆ دەمرن! ئەم ڕێژەیەش ساڵانە دەگاتە: (هەزار) قوربانی. هەروەکو نزیکەی (دوانزە) هەزار کەسیش بریندار دەبن، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی (سەد) کەس کەم ئەندام دەبن، زیاتر لە (سەد ملیۆن) دۆلاریش بە زیانی ڕوداوەکانی هاتووچۆ دەخەمڵێندرێت، عێراق لە زۆری ڕوداوی هاتووچۆ لە جیهان بە پلەی چوارەم دێت[١].

---

[1] بڕوانە: بابەتی: **(گرفتەکانی شۆفێری ئافرەت)**، لە بەرنامەی ترافێکی کەناڵی کەی (k24)، پێش ساڵێك لەمەوبەر لێدراوە، بەشی کۆتایی بەرنامەکە، دیارە بەرنامەکەش بیست و پێنج دەقە و شتێکە. ١٧ی ١٢ی ٢٠٢٠ز.

ئامارەکانی بەشی کحولی هاوچۆی هەولێر و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا دەڵێت: تەنیا لە ساڵی (٢٠١٨ل) زیاتر لە (٢٤٤٨) بریندار بەهۆی خواردنەوەی (کحول) ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوا کراون، کە بەشێکیان گیانیان لەدەستداوە! هەروەکو سەدان بەڵگەنامەش ڕەوانەی دادگا دەکرێت، دیسان دەیان ئۆتۆمبێلیش خاوەنەکانیان سەرخۆش و بێهۆشن.

بەپێی ئاماری گشتی هاتووچۆی هەرێم لە ماوەی (١٠) مانگی ساڵی ٢٠١٩ل

زیاتر لە (دو ملیۆن) سەرپێچی لەلایەن گت هاتووچۆکانی هەرێم تۆمارکراون، لەو سەرپێچیانەش(٣٠)هەزار و (٨٠٠) سەرپێچی بەکارهێنانی مۆبایل تۆمارکراوە.

هەروەها نزیکەی (شەش هەزار) کەسیش سزا دراون. کە بەبێ مۆڵەت لێخوڕینیان کردوە.

زیاتر لە (٢٥هەزار) شۆفێریش بەهۆی پابەندنەبوون بە هێمای ترافیک سزادراون.

هەروەها (٤٠٠) کەس بەهۆی نەوەستان لە شەقامی لاوەکی بۆ شەقامی سەرەکی سزا دراون.

هەروەکو یەك (هەزار کەس)یش بەهۆی لێخوڕینی خێرا سزا دراون.

زیاتر لە (هەشت هەزار) شۆفێریش بەهۆی ڕۆیشتن بە ئاڕاستەی پێچەوانە سزادراون[1].

هەروەها بەپێی ئاماری گشتی هاتووچۆی هەرێم لە ماوەی (١١) مانگی ساڵی ٢٠١٩ل

[1] بەرنامەی ترافێك، بابەتی: **(ڕووداوەکانی هاتووچۆی کۆڵانەکان)**، چوار مانگ پێش (١٨)ی (١٢)ی ٢٠٢٠ل، لە خولەکی (حەڤدە) بەدواوە.

نزیکەی (٤٠٠٠)ڕووداوی هاتووچۆ ڕوویانداوە، لەو ژمارەیەش (٥٧٧٥)کەس بریندارببوونو زیاتر لە (٤٨٠)کەسیش گیانیان لەدەست داوە[١].

دیارە زیاد لە (ملیۆنێك) و هەشت سەد هەزار ئۆتۆمبیل لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.[٢].

کە ئەوەش ڕێژەیەکی یەکجار زۆرە و، پێدەچێت زۆر لەوەش زیاتربێت.

*********

[1] بەرنامەی ترافێك، بابەتی: **(گرفتەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شوفێری دا)**، ساڵێك پێش (١٨)ی (١٢)ی ٢٠٢٠ل، لە خولەکی (٢٦) بەدواوە.

[2] بەرنامەی ترافێك، بابەتی: **(ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە ڕێگاکانی درەوە)**، چوار مانگ پێش (٢١)ی (١٢)ی ٢٠٢٠ل، لە خولەکی (دوو) بەدواوە.

## چارەسەر و ڕێگاچارەی دروست چیە؟

١- گرنگە بەڕاستی دوکانەکانی مەی و مەشرووبەکان دابخرێن و یاساغ بکرێت و ڕێ نەدرێت بە فرۆشتنی لەنێو کۆمەڵگەی موسڵمانان.

٢- چاککردنی زیاتری ڕێگا و بانەکان و نەهێشتنی کەند و چاڵ و چۆڵیان لەلایەنە حوکمەت و لایەنی پەیوەندیدار، لەگەڵ ئەوەشدا خراپی ڕێگا و بانەکان نابێت ببێتە هۆی بێ موبالاتی خەڵك و گوێپێدانیان بە هەق و مافی خەڵك و سەیارەکانی بەرامبەریان و، تیژ لێبخوڕن.

٣- فرسەت نەهێنان لە ڕێگا خۆشەکانی خەتی خاریجی، بۆ لێخوڕینی خێرا و تیژڕەوی.

٤- ئەو ئەندازیار و بەڵێندەر و کۆمپانیایانەی کە خەریکی ڕێگا و بانەکانن، دەبێت لە خوا بترسن و چی پێویست و گرنگە بۆ ڕێگایەکان ئەنجامی بدەن و، درێغی لەوەدا نەکەن؛ چونکە لێپرسینەوەی قیامەت زۆر دژوار و سەختە، خوای گەورەش دەفەرموویێت: {وَلَتُسْأَلُنَّ عَمَّا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (٩٣)}، **النحل.**

٥- دروستکردن و زیاترکردنی بەرزە پردەکان لە شوێنە قەرەباڵغەکان بۆ پەڕینەوە، بە تایبەتیش لەبەردەم زانکۆ و قوتابخانە و بازاڕە گەورەکان.

٦- هەبون و دانانی زیاتری ئاماژەکانی هاتووچۆ، لە تەواوی ڕێگا و بانەکان.

٧- بونی ڕوناکی لە ڕێگاکان، تەنانەت لە ڕێگا خێرا و دور و درێژەکانیش.

٨- پابەندبونی هەمووان بە ڕێنمایی و تەعلیماتەکانی هاتووچۆ و، بەکارهێنانی پشتێنی سەلامەتی و خۆ بەستنەوە و دانانی کورسی بۆ منداڵ؛ چونکە مەعلومە ئەو تەعلیماتانە لە خزمەتی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتیە.

٩- پەیوەست بوونی بارهەڵگرەکان بەتایبەتی بە ڕێنماییەکان و هەڵنەگرتنی باری زیاد لە ڕێ پێدراو.

١٠-پابەندبوون بە سەلامەتی و توندوتۆڵی سەیارە و لێنەخوڕینی لەکاتی خەوهاتن و بەکارنەهێنانی مۆبایل و ئایپاد و ئامێرە سەرقاڵکەرەکان.

١١-بەشداری پێکردنی مامۆستایانی ئایینی لە بەرنامەکانی هاتووچۆ بۆ ڕونکردنەوەی حوکمی شەرعی خێرا لێخوڕین و بونە هۆکاری حادیسەو ڕوداوەکان.

١٢-واستە و تکا نەکردن بۆ وەرگرتنی ئیجازەی سەیارە لێخوڕین و مۆڵەتی شۆفێری، بۆ کەسێك کە شایستە نیە.

١٣-کار ئاسانیش بکرێت بۆ ئەو خەڵکانەی شایستەن مۆڵەتیان هەبێت و سەیاقی باش و سەرکەوتون.

١٤-لێنەخوڕینی سەیارە لە وەختێکدا کابرا توانای لێخوڕینی نەماوە، لەبەر بە تەمەنبوونی، یانیش لاوازبوونی چاوەکانی، یا لەرزینی دەست و قاچەکانی، یاخود هەر هۆکارێکی تری زیانبەخش بێت.

١٥-زیادکردنی بەرنامە پێویستەکانی سەبارەت بە هاتووچۆ لە تەلەفیزیۆن و ڕادیۆکان.

١٦-خاترنەگرتن و قەبوڵنەکردنی واستە لە موخالەفە و سەرپێچی هاتووچۆ و، جیاوازی نەکردن بە کوڕی دەوڵەمەند و فەقیر و کوڕە مەسئول و کەسێکی تر.

١٧-جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر هۆشیاری تاك بۆ بەکارهێنانێکی چاك و لێخوڕینی شایستەی ئۆتۆمبیل.

١٨-کەمکردنەوەی خێرایی لە وەختی کەشو هەوای نالەباری وەکو بەفر و تەڕبونی ڕێگا و بانەکان و هەبونی تەم و مژو..

١٩-واجب و پێویستە باوك و دایکان و سەرپەرشتیار و براگەورەکان، بەردەوامبن لە ڕێنمایی و ئامۆژگای بۆ منداڵ و ئەولادەکانیان، بەبیریشیان بێننەوە کە

نانەوەی کارەساتی هاتووچۆ و بەشداربوون تێیدا گەلێك ترسناك و دژوار و پڕ بەرپرسیاریەتیە، جا شۆفێری سەیارەن، یاخود ماتۆڕسیکیان لایە.

٢٠-عەفونەکردنی گەنجان و خەڵکانی سەرەڕۆ و ئاژاوەچی و خراپەکار، وەختێك دەبنە هۆی ڕودانی حاڵەت و ڕوداوی هاتووچۆ بەو ئومێدەی تێ بگەن و بێنەوە سەر هۆشی خۆیان و، خەڵکی تریش پەند و وانەیان لێ وەربگرێت، لەگەڵ شەفاعەت و تکا بۆ نەکردنیشیان لەلایەن کەسانی دیار لەنێو کۆمەڵگە؛ لەبەرکی سەرەڕۆیی جەریمەت و تاوانە.

موسڵمانان، هەر کەسێك ببێتە هۆی مردنی کەسێك و پانی بکاتەوە یان بە هەڵە بیکوژێت، ئەوا کە منداڵی هەبوون کەس ناتوانێت لە مام و کەس وکاری ئەو کابرایەی مردوە لە خوێنی ئەو برایەیان خۆشبن، ئیللا دەبێت خوێنەکە بدرێتە منداڵە نابالغەکان، خۆ هەر کێ لە کەس و کارە میراتگرە باڵغەکان ویستی لێ بوو لە بەشی خۆی خۆش بێت ئەوا دەتوانێت، بەڵام هەقی ئەو منداڵە نا باڵغانە هەر دەبێت بدرێت، دەشکرێت خوێنەکە بکرێتە سێ قیست و بە ماوەی سێ ساڵ بدرێت.

٢١-گەنجەکان و هەمووانی دەبێت لەخوا بترسین و ئاگاداری ترسناکی گوێگرتن لە گۆرانی ناشەرعی و مۆسیقا بین، ئەی پەنا بەخوا بمریت و هەر گۆرانی و مۆسیقا لەبن سەرت بێت و بەوە بمرێت کاکی شۆفێر و سەرنشین.

٢٢-پێویستە بۆ کاتی تەلەفۆنکردن کابرا لابداتە لێواری شەقامەکە، و سەیارەکەی ڕابگرێت تا قسەکانی تەواو دەبن.

٢٣-وریابوون و بێ موبالاتی نەکردن لە سەرپێچی و موخالەفەکردن لە شەقامە لاوەکی و لا کۆڵانەکان؛ چونکە ڕوداوەکانی هاتووچۆ دواجار برینداربون و

خەوزڕان و کەمئەندامبوونی چەندەها کەس و ئازیز بەدوای خۆیدا دێنێت و خەونی هەزاران کەس دەکاتە سەڕاب، سەرباری ڕۆیشتنی ئازیز و خۆشەویستانیش.

٢٤-پێش بەڕێکەوتن، سەیری سەیارە بکرێت و پشکینینی بۆ ئەنجامبدرێت، تا بزاندرێت هیچ عەیب و کەم و کورتی نیە، کە ئەوەش بەشێکە لە خاڵە داواکراوەکان، لە ڕوی شەرعیەوە، تا کەمتەرخەم نەبیت.

٢٥-دەبێت پیادەش ڕێگە و شوێنی خۆی بەکاربێنێ لە ڕەسیف و شۆستەکان لە وەختی پەڕینەوە و بزانێت کوێ بۆ ئەو مەبەستە دیاریکراوە.

٢٦-بونی گیانی لێبوردەیی و یارمەتیدانی یەکتر لەنێوان شۆفێرەکان، باشترین ئیمانداران و تەواوترین باوەڕداریش ئەو باوەڕدارەیە کە ڕەوشت و ئاکاری جوانە، پێشەوا (أبو هريرة) - ڕەزای خوای لێ بێت - دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا - صەڵات و سەلامی خوای لەسەربێت - فەرموویەتی: ((أكملُ المؤمنين إيمانًا أحسنُهم خُلقًا))، رواه الترمذي وقال: حديث حسن صحيح.

٢٧-خوێندنی دوعای چونەدەر لەماڵەوە، پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم -: ((مَنْ قال يَعني إذا خرَج مِن بيتِه بسمِ اللهِ توكلْتُ على اللهِ لا حولَ ولا قوةَ إلا باللهِ يُقالُ له كُفِيتَ ووُقِيتَ وتَنَحَّى عنه الشيطانُ))، أخرجه أبو داود (٥٠٩٥)، والترمذي (٣٤٢٦) واللفظ له، والنسائي في ((السنن الكبرى)) (٩٩١٧). واتا: هەر کەسێك کە لەماڵ دەرچوو، بڵێت: (بەناوی خوا دەچمە دەر لەماڵ، پشتم بەخوا بەست و هیچ هەوڵ و هێزێکیش نیە جگە لەو توانا و هێزەی کە لەلایەن خوداوەیە). ئینجا پێی دەگوترێت: (ئەوەت بەسە و پارێزراویشی، وە شەیتانیش لێی دوور دەکەوێتەوە).

٢٨-هەروەها خوێندنی دوعای سەفەر: اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ، اللهُ أَكْبَرُ، {سُبْحَانَ الَّذِي سَخَّرَ لَنَا هَذَا وَمَا كُنَّا لَهُ مُقْرِنِينَ (١٣) وَإِنَّا إِلَى رَبِّنَا لَمُنْقَلِبُونَ (١٤)}، اللَّهُمَّ إِنَّا نَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرَّ وَالتَّقْوَى، وَمِنَ الْعَمَلِ مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَيْنَا سَفَرَنَا

هَذَا وَاطْوِ عَنَّا بُعْدَهُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالْخَلِيفَةُ فِي الأَهْلِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ، وَكَآبَةِ الْمَنْظَرِ، وَسُوءِ الْمُنْقَلَبِ فِي الْمَالِ وَالأَهْلِ، ئەگەر گەڕانەوە لەگەشت ئەوەی بۆ زیاد دەکەت: آيِبُونَ، تَائِبُونَ، عَابِدُونَ، لِرَبِّنَا حَامِدُونَ))، مسلم: ٩٩٨/٢. واتا: خودا گەورە ترینە، خودا گەورەترینە، خودا گەورەترینە، پاک و پیرۆزی بۆ ئەو خودایەی، کە ئەمەی بۆ ڕامکردوین (موسەخەر کردووین)و ئێمەش دەسەڵاتمان نەبوو بەسەریدا، بەڕاستی لەدواڕۆژیشدا هەر بۆ لای ئەو خودایە دەگەڕێینەوە، خودایە ئێمە لەم گەشتەماندا داوای چاکە و خۆ پارێزی و ئەو کردەوانەت لێدەکەین، کە تۆ پێی ڕازیت، خودایە ئەم گەشتەمان بۆ ئاسان بکە و دووریەکەیمان بۆ نزیک بکەرەوە، خودایە تۆ پاریزەرمانبە لەم گەشتەماندا و خانەوادەکەشمان بپارێزە، کە جێمان هێشتوون، خودایە من پەنات پێدەگرم لە نارەحەتی گەشت و شتێک، کە نارەحەتمان بکات و خراپ گەڕانەوە بۆ ماڵ و خێزان. گەڕاینەوە بە پەشیمانی لە تاوان و هەروەها بە پەرستش بۆ خودا و سوپاس و ستایش کاریشین بۆ پەروەردگارمان.

**لەگەڵ دوعای بەجێهێشتنی ئازیز و دۆستان:** ((أستودعكُم اللهُ الذي لا تَضيعُ وَدائعُه))، أحمد وابن ماجه وحسنه الألباني في الصحيحة: ٢٥٤٧. واتا ئەسپاردەی ئەو خوایەتان دەکەم کە سپاردە بەزایە نادات.

٢٩-پارێزگاری لە نوێژی بەیانی و ئەنجامدانی بە جەماعەت لە مزگەوت و لەگەڵ موسڵمانان، پێغەمبەر - صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێت - دەفەرمووێت: ((مَن صَلَّى الصُّبحَ فِي جَمَاعَةٍ فَهُوَ فِي ذِمَّةِ اللَّهِ))، مسلم. هەر کەسێك نوێژی بەیانی بە جەماعەت بکات، ئەوا لەلایەن خواوە دەپارێزرێت و، لە ئەمانی خوادادەبێت و ئەسپاردەی (الله) دەبێت و کەس ڕووبەڕوی نابێتەوە بە ئازار و ئەزیەتدان.

٣٠-  هەستکردن بە موراقەبە و چاودێری خوای گەورە و بەشدارنەبوون لە کوشتنی خەڵك و کەمتەرخەمی نواندن لەو بارەوە، خوای گەورە دەفەرموویێت: **{وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ ۛ وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (١٩٥)}**، **البقرة**. یانیش دەفەرموویێت: **{وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا}**، **النساء: ٢٩. دیسان خوا لەبارەی کوشتنی بەناهەق و بە ئەنقەست دەفەرموویێت:** **{وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا}**، **النساء:٩٣.**

**لە کۆتاییدا: برایان، خوشکان،** داوای لێبوردن دەکەم بەو وتارە نەمویستوە دڵی کەس بێشێنم، هەروەکو نەشمویستوە هیچ ڕوداوێکی ناخۆش بەبیر هیچ کەسێك بێنمەوە، بەڵام بە واجبی سەر شانمان زانی خزمەتێك پێشکەشی ئێوەی خۆشەویست بکەین، ئیتر خوای گەورە هەموو لایەکمان لەو ڕوداوە ناخۆشانە بپارێزێت و، نەشبینە هۆکاری مردن و بێ باوك بوون و جەرگ سوتان و پشت شکانی هیچ دایك و باوك و کەسێك. اللهم آمین، أجمعین.

والحمد لله رب العالمين.

جهاد قادر على

پێنج شەممە

٢ی جمادى الأولى ١٤٤٢ی کۆچی

بەرامبەر

١٧ی ١٢ی ٢٠٢٠ك